بەرامپیل و دەستەسرِ فرمێسکی پڕ لە قەهری یەکدییان دەسڕییەوە، هەر من بووم وسمەم بۆ دەکڕین، خەنە.. جۆرەها داودەرمان تا سەروبسکیان ڕەش بکەنەوە، دەمزانی ئەو باوکە شەهوەتبازەمان تاڵەموویەکی سپی ببینێت، ژنێکی دیکە دێنێت.. وای لێ هات شەرم نەکەن، لەسەر ئاخوڕ و دەنێو تەویلە و بە چواردەوری بیرەکەدا کۆ دەبوونەوە، گوێم هەڵدەخست.. لەودیو دیوار و دەرگا و پەنجەرە داخراوەکانەوە، لەژێر هەیوان و بە سەربانەوە دەیاننرکاند.. جحێڵەکان بەبێ پرینگانەوە دەیانگوت:

«وەی خوشکێ چیم لێ دەکەیت.. چ ئاڵۆشێکی ئاگر ئاسا بەربۆتە گیانم و هاری کردووم.. چ ئاگرێك؟»

«خازێ.. ئەوە تۆ دەڵێی چی.. بۆ ئەوە مانگێکە هاتۆتە گژم..؟»

«ژنینە لۆمەم مەکەن.. وام لێ هاتووە بچمە گژ ئەسپەکانی»

«وای لە من.. وای.. بە خوا خوشکێ تۆ نەفامیت.. جا جگە لە ئەسپە عەرەبییەکەی خۆی ئەسپ هەیە نەیخەساندبێت؟»

«ئەنگۆ ئاگاتان لە من نییە.. بە وەڵڵاهی تامەکەیم بیر چۆتەوە..»

«هەی پرچدرێژ و عەقڵکورتینە.. چما ئەو لەبەر چی ئێمەی هێناوە؟»

«بۆ هەواوهەوەسی خۆی.»

«جگە لەویش.. بۆ ئەوەی خواستووین تا کوڕ و کچی بۆ بنێینەوە..»

«بۆ لە دایکبوونی کوڕەکان کۆڵێك کەیفسازە و بۆ کچەکانیش مۆن و نیگەرانە.»

«ژنینە من ئەوە کوشتوومی خۆمان و منداڵەکانمان مردین ئەوەندەی خزمەتی سەگ و گورگ و مەڕ و بزن و ئەسپ و هێسترەکانی بکەین»

«زۆر لەگوینە هەموو عومری جوانیمان لە تەویلەکانیدا بەبا بدەین»

«لە هەر سەفەرێك کە دەگەڕێتەوە، ژنێکی تازە دەخاتە سەر پاشەڵی ئەسپەکە و ژوورێکی تازەی بۆ جیا دەکاتەوە.»

«مەنیج.. کابرا هەروا فریا دەکەوێت، گەر هەموو شەوێکیش بپەڕێت، ئەوجا مانگی بەر یەکێکمان دەکەوێت.»

«هاکا بینیت شەوێکیان بەسەر یەکێکمانەوە دەمی بەیەکدادا و بمرێت.»

«ئەو بەرانە قەت نامرێت.. ئەو کە هەر سێ ژەمەکە هەنگوین و سیر بخوات و هەر ڕۆژە و جەرگی بەرخێك سوور بکاتەوە.. مەحاڵە وا زوو بمرێت!»

«ژنینە ئەمن لە خەمی کچەکان دام.. نازانم تاکەی کەزیی سپی بهۆننەوە؟»

«ئەدی کوڕەکان.. ئەوان بۆ ناڵێیت؟ یاخودا دایکتان کوێر بێت.. ڕۆڵە ڕۆ

قەهری خوشکە شەرمن و زۆر تەنیاکانم کوشتم، ئەو خوشکانەم کە نەیاندەزانی لەودیو دیوارە بڵندەکانی ئەو حەسارەوە پیاوانی عەزرەتی هەن، پیاوانی سینەپان و کەلەبەران، پیاوانی سمێڵبابڕ، بۆدڕن.. پاش باڵقبوونم خۆم دادەنووساند.. لە پشت دیوار و پەنجەرە و دەرگاکانەوە، خۆم مەڵاس دەدا، گوێم بۆ ناڵین و ئاخ و ئۆف و حەسرەتیان هەڵدەخست، بێزم لە خۆم دەبۆوە و گینگڵم دەدا، پاش زیندەبەچاڵکردنی زوهرا و بەندکردنی زیبا لە ژێرزەمینەکە، خوشکەکانم سووك سەیریان دەکردم، بە گوێی یەکدیدا دەیانچرپاند و لە سەرکزی و بێدەماریم قسە و باسیان دەکرد، لێویان لێ هەڵدەقورتانم، لە هاتوچۆی سەر ئاخوڕ و بیر و نێو تەویلەکان خۆیان لێم دەپاراست، وەك ئەوەی من گڵاو بم، کەمتەرخەمی نەبوو.. بە دەستی ئەنقەست جلە چڵکنەکانم لەو ناوە دەکەوت و نەیاندەشۆری، زانیم کە ئیدی تەواو.. من لە برایەتیی ئەوان کەوتووم، دایکانیشم چێشتی ساردیان دەخستە بەردەمم، چای تاڵیان بۆ تێ دەکردم، لەژێرەوە مۆڕەیان لێ دەکردم، شەوانە کە دونیا کپ و خامۆش دەبوو، دواجار کە لە ئالیکی شەوی ئەسپ و هێستری نێو تەویلەکان دڵنیا دەبووم، لە پشت پەنجەرەی هەمیشە داخراوی یەکە بە یەکەی قەیرەخوشکەکانم ڕادەوەستام، بێ هەستوخوست.. بەقەهرێکەوە لێوی خۆم دەکرۆشت، چ ئەستەمە بە جووتە سەر و عوززشۆرەکان لەتاو تەنیایی دەچوونە نێو باوەشی یەکدی.. خوایە.. من چیم بۆ کرا؟ وەی لەو خوشکانەی من کە شەرم لە ناوقەدەوە دووکەرتی کردبوون، حەیایەکی ئەبەدی تێکی شکاندبوون، دوورەهەتاوی.. هەناسەی پاك.. خەمێکی شاراوە وەك زەعفەران ڕووزەردی کردبوون، لە حەژمەتی خوێنێکی گەرم کە لە دەمارەکانی هەر یەکەیاندا گێژ دەخوات، ختوکەی یەکدییان دەدا، نوقورچکیان لە بەلەکی یەکتری دەگرت، خودا هاوار.. جا لە تاریکیدا چی ڕوو نادات..؟ حیلکەحیلکی پڕ لە ترس و خنکاوی ژێر لێفەکانیانم دەبیست، موچڕکێك تێکەڵ لە لەزەت و حەژمەت بە دەمارەکانمدا مێروولەی دەکرد، بە نینۆکان پێستی هەردوو لاڕانی خۆم دەکڕاند تا خوێنم لێ دەتکا، تف لەو غیرەتەی براگەورە.. نۆبەرەی سەرشۆڕ.. کاکی خەسیومان..! ئەو خوشکانەم، جووت جووت، خۆیان دەدزییەوە، دەچوونە پەناوپەسێوی حەسار، جاروبار دوور لە چاوان، دەچوونە ناو گەمەیەکی پەنهان، یەکێك مێ و ئەوی دیکەیان نێر، ڕۆژ دەبۆوە، شەرمیان دەکرد لە یەکدی بڕوانن.. باوکەش هەرگیز وای نەدەکرد ئەو کچە شەرمنانە بوێرن خەون بە حەرامەوە ببینن، منیش هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەو کچە زەبوونانە بوێرن خەون بە حەرامەوە ببینن!

«حەبێ هیچ مەڵێ، گوێ بگرە.. چۆنە پشیلەکان بخەسێنم؟»
«بۆچی پیاوەکە؟»
«چۆن بۆ؟ پیرە قۆڵتڕ.. نەفام.. نابینی ئەو حیزباوانە گونیان لە گونی من خڕترە؟«
هێشتا پاڵکەوتبوو، هەردوو قاچە بچووکەکانی پشتەوەی یەکێك لە پشیلەکانی بڵاو کردبۆوە و توند کەڵبە و ددانەکانی لە گونی گیر کردبوو.. زاڵمانە.. وەحشییانە.. ڕایتەکاند و شادەمارەکەی قرتاند، قرتەیەك و پشیلەی تاین پڕ بە دیوەخان زریکاندبووی، ناڵاندی و مڕاندی.. ئەم هەردوو هێلکەی خوێناوی لەنێو کەڵبەکانی بوون، کە تریقابۆوە.. لەم گوپەوە بۆ ئەو گوپ وەك کەلاشوشە گەمەی پێ کردبوون.. حەبێ لە حەژمەتاندا بە هەردوو دەست چاوەکانی خۆی داپۆشیبوو.
«چاکە حەبێ، هەر شەوەی یەکێکیان دەخەسێنم.»
«کابرا.. گوناحت دەگات»
«ژنێ.. گوناە ئەوەیە دوو ڕۆژی دیکە ڕەشەمێیە و نامەوێت لە بەر چاوی کچەکانم بکەونە مڕەمڕ و سواری یەکدی بن.»
«کەیفی خۆتە پیاوەکە.»
«هەڵبەتە کەیفی منە.. هەوەس کوشندەیە.. تۆ سەرت سپی کردووە و دەیزانی.»
«بەڵام پیاوەکە..»
«قسە مەکە و سەیری سمێڵی ئەو حیزباوانە بکە.. سەیری گونی تورتیان.. بەوەڵڵاهی من بەغیلییان پێ دەبەم.»
«پیاوەکە.. من هاتبووم کە پێت بڵێم..»
«جگە لە خۆم و ئەسپەکەم نێرەوەزی تیا ناهێڵم، بۆم بکرێت مێشولەکانیش دەخەسێنم، لەبەر پاسی مەڕ و ماڵاتە زۆرەکەم نەبێت، هەر هەموو گۆ ڵە سەگەکانیش بە دەردی پشیلەکان دەبەم و دەیانخەسێنم..»
«تۆ خۆت گەورە و سەرداری حەساری، چیت پێ باشە وابکە.. بەڵام من بۆ ئەوە نەهاتبووم.. من هاتبووم بڵێم..»
«بڵێ و با ڕزگارم بێت.»
پشیلەی بن سك خوێناوی وەك پیاویکی خەسیو لەسەر لاتەنیشت کەوتبوو و دەیناڵاند.. یان دەمرد.
«پیاوەکە هاتبوم بڵێم کوڕ و کچەکانت زۆریان وا پیر بوون.. خوا هەڵناگرێ و بە تەمای چیت..ها..؟ کوڕی نۆبەرەت سەروڕیشی سپی بوو، ئەرکی هەر هەموو حەسارەکەی وا بەسەر شانەوە.. دەبا دڵت نەرم بێت و

خۆم ڕەنجەڕۆ.. من بە ئومێد بووم ئێوە ناوم کوێر نەکەنەوە.. ئێرە بپارێزن.. وەك سەگە بەوەفاکانم لە دووریی هەزار فەرسەخەوە بۆنی خەڵکی بیانی و غەریبە بکەن و پێیان بوەڕن، وەك هەڵۆ و بازەکانم.. دوورتر لەوانیش ببینن.

چاکە.. زۆر چاکە فەرموو.. هەمووتان بە جێم  بێڵن.. با من بەتەنها لەم حەسارەدا بمرم و دواجار پشیلەکانم بمخۆن.»

ویستم بە ڕوویدا هەڵشاخێم و بڵێم:

«ئاخر چ لە حەسارێك بکەین کە جگە لە ئەسپ و هێستر هیچی دیکەی تێدا نییە؟»

نەموێرا.. لاڵ بووم و زمانم لە گۆ کەوت، ئەم نەڕاندی.. لەگەڵ ئەو نەعرەتەیە چی ئەسپی نێو تەویلەکان هەبوون.. حیلاندیان، کۆترەکانیش لە شەقەی باڵیان دا، ئاسمانی سەر حەسارەکەیان لێ  گرتین، سەگەکانیش بە چواردەوریدا هەڵقەیان بەست.. بولبولەکان لە جریوەجریوی ترس نەکەوتن، پشیلەکان و کەروێشکەکانیش میزیان بە خۆدا کرد.

«گوێ بگرن.. ئەوەی دەیەوێت لەم حەسارەی من نانێکی چەور بخوات، نابێ لە قسەم دەربچێت. ئەوەی حەرامزادە نییە، خزمەتی ئەم حەسارە دەکات.»

وابوو.. لە سپێدەی بەیانییەوە تا شەو خەوتنان خوشکەکانم مانگا و مەڕ و بزنیان دەدۆشی، شیرەکەیان دەکرد بە ماست و پەنیر و ژاژی و فرۆ، دەست و پەنجەی دایکانیشم توێژاڵی هەڵدەدا ئەوەندەی تەشی بڕێسن و کڵاو بدروون و ڕەفتە بچنن، ڕۆژانە دە چین تەویلەکانیان پاك دەکردەوە، ئاخوڕەکانیان تێر کا و جۆ دەکرد، شەربە و کوپەکانیان پڕ ئاو دەکرد، دەکەوتنە دوای قوونی مانگاکان و لە تەپکە ڕیخی وشکەوە نەوی دەبوون و کۆیان دەکردەوە، گوانی ڕیخنی چێڵەکانیان دەشۆری، ئێسقانیان دەخستە بەردەمی سەگ و پشیلەکان، دانیان بۆ کۆتر و مریشکەکان ڕۆ دەکرد، ئەو دڵڕەقە ئەسپ و هێستر و سەگ و سمۆرەکانی لە ئێمە پتر خۆشدەویست. دەبووایە.. هەر دەبووایە من بیکوژم، کە کوشتیشم، هەر من تیا چووم، من وتم دەیکوژم و ئیدی «ڕابی» لەبری باوکم دەست لە ملی من دەکات، هەر هەموو دایکان و خوشکان و براکانم سەرفراز دەبن، خەونی ئەو برایانەم دێنە دی، کە بەر لە چەندین ساڵ هەڵهتە بوون، ئەوانەی گورگ و چەقەڵ خواردنی و ئەوانەشی لە شار و گوندەکان سەریان بە یەکەوە دەنا و سەد و یەك پلانیان بۆ دارمانی حەسار دادەنا و هەر خۆیان هەڵیاندەوەشاندنەوە.. دەیەها دیوار و شوورەی حەسار دەڕمێنین، ڕووەو شار و گوندی دیکە

ڕوخسارەدا کە لەبەر دیدەم دەگۆڕان و ون دەبوون، سەرم لێ شێوا.. نەمدەزانی بەهارە یان پا ییز، هاوینە یان زستان.. نەمدەزانی چی بکەم.. بۆ ئەوەی خۆم لە گەمارۆی خوشکەکانم قوتار بکەم.. هاوارم دەکرد:
« بێمروەتینە.. ئەی کوا زیبا؟ «زیبا»تان لەبیر چوو؟»

قسەکەم تەواو نەکرد و شەش حەوتێکیان ڕووە و دەرگای ژێرزەمینەکە تاویان دا و بە هەر هەموویان دەرگاکانیان بە لاشیپەکانەوە دەرهانی و بە پێبلیکەکاندا غل بوونەوە و دەستیان دایە بنباڵی «زیبا» و لە چنگی تاریك یان دەرهانی و دیسانەوە لە ژێر تریفەی مانگدا ئازادیان کرد، سست و لاواز.. پاش عومرێکی درێژی نێو تاریکیی ژێرزەمین، تریفەی زیوین تاوێکی درێژ بە شەوارەی خست، زەرد و ژاکاو، سەروپرچی ماشوبرنجی، وەك منداڵێك تازە سەرپێ کەوتبێ، دەستیان لێ بەردا، لەوەدابوو بکەوێت.. گرتیانەوە، بە هەردوو باڵ ئاماژەی کرد کە بەرەڵڵای بکەن.. مەستانە هەنگاوی تێکەڵی نا و لە ناوەڕاستی حەوشەدا کراسی کۆن و داڕزیوی لەبەر خۆی دادڕی، تا سەر تاتەشۆری گوێ حەوزەکە غاری دا و یەك تەختە ڕاکشا، بێباك لە هەوای حەسار و چاوی براکانی، بێئاگا لە مەرگی باوکی، هەردوو مەمکی دایە بەر تریفەی مانگ، وەك شەوی حەیاچوونی سەربانەکە تریقایەوە.. ئیدی خەوێکی قوڵی لێ کەوت.. بەدەم خەوی بەر تریفەوە دەخەنییەوە.. ئەو شەوە چییان نەکرد..؟

هەوێیەکانی داکم تێکڕا سەمایان دەکرد.. گۆرانییان دەچڕی.. بە سووراو و سپیاوی دۆزراوەی نێو قوتووەکان خۆیان ئارایشت دەکرد، «حەبێ»ی دایکم بە هانکەه انك ئەو سندووقە بزمارڕێژەی باوکمی بە گوریسێکەوە بەستبوو.. بەزەحمەت بۆی ڕادەکێشرا.. سوێندی خوارد کە لەو ڕۆژەوەی شووی بە باوکم کردووە، ئەم سندووقەی بە قفڵدراوی لێ شاردۆتەوە.. گوایە لە گرانی گەورەوە لە ترسی ڕەشوڕووت و لە برسامردووەکان دەنێو یەکێك لە دیوارە پانەکانی حەساردا شاردوویەتییەوە، کە شکاندیان، پڕ بوو لە خۆڵ!
هەر هەموومان بە دیار سندووقی شکاوی پڕ لە خۆڵ دۆش دامابووین و وەختێك دایکە حەبێ هاواری کرد:
«کوڕ و کچەکانم نائومێد مەبن.. ئەم حەسارە سەد نهێنیی شاراوەی باوکتانی تێدایە.. دە سندووقی دیکەی پڕ لە خۆڵ هەناسەساردتان نەکات.. من دڵنیام سندووقێکی پڕ لە گەوهەر و ئەڵماس دەدۆزینەوە.»

